## ئاورگەی شیز و تەختی سولەیمان

سەبارەت بە شوێنایەتی ئاورگەی ئازەرگوشنەسەب لە رۆژهەڵاتی بۆکان و نزیک بە شاری "گەنزەک"ی کۆن یا تەختی سولەیمانی ئێستا گەلێک بابەت نووسراون. گرنگایەتی شیز بۆ نووسینی مێژووی شاری بۆکان، زۆرە. لە سەردەمی ساسانییەکاندا (٢٢٤ تا ٦٥٢ی زایینی) شیز سوێنێکی گرنگ و یەک لە سێ ئاورگەی گەورەی ئێران بووە و شاهانی ساسانی لە تیسفوونەوە هاتوونەتە زیارەتی. بەم پێیە، هات و چۆ و هەروەها شەڕ و گەڕی زۆریش لە دەور و بەری شارەکە بوە و لەوانە، شەڕی یۆنانی و رۆمی و عەرەبە لەگەڵ ئێرانییەکان و هەر لە ئەنجامی ئەو شەڕانەشدا شارەکە وێران کراوە و ئاگری هەمیشەیی ئاورگە، کووژاوەتەوە.

کتێبی "ئازەربایجان – پێش مێژوو و دوای ئەو" زانیارییەکی بەرچاوی سەبارەت بە شیز و تەختی سولەیمان ئاراستە کردووین و لەوانە دەڵێ :"قەڵای تەختی سولەیمان ٣٨ بورجی رازاوەی هەبوە و گۆلی ئاوی ناو قەڵاکە ١٢٠ مەتر درێژایی، ٨٠ مەتر پانایی و ٦٥ مەتر قووڵایی هەبوە و هەر چرکەیەک ١٠٠ لیتر ئاوی لێ هەڵقوڵیوە ... . هیراکلیوس ئیمپراتۆری رۆم لە ساڵی ٦٢٤ی زایینیدا وێرانی کرد...". باسی ناوچەکە لەم کتێبەدا کەوتوتە فەسڵی ٤ (لاپەڕە ١٣٦ تا ١٤٠).

بۆ نووسینی مێژووی بۆکان، پێویستێکی زۆرمان بە مێژووی شیز و تەختی سولەیمان، زەردەشتایەتی و پێش ئەو واتە میترائیسم هەیە.

سیداسمعیل وکیلی، آذربایجان – پیش از تاریخ و پس از آن، چاپ ندا، ١٣٦٢ [١٩٨٣]، ٣١٠ صفحه، فارسی